# دروستبوونی چینێکی تازەی خوێنمژی هەژاران بە ناوی پەرلەمانکاران

حەمەدەمین گاوان



هەر هەموو ئەندام پەرلەمانان بە بێ جیاوازی و جیابوونەوە ، گشتییان نۆکەری حزبەکانن، هیچیان بژاردەی راستەقینەی گەڵ نین، هەموویان دامەزراون. بە مووچە کار ئەکەن بۆیە هەموو هێز و توانایان بۆ زیادکردنی مووچەکانیان ئەخەنە کار. بۆ ماوەی ئەم چوار ساڵە، هەتاکو سامانێکی یەکجار زۆر کۆبکەنەوە تاکو نەوەی نەوەکانیشیان ژیانی پاشایەتی بەرنە سەر بە لێکدانەوەی خۆیان، بەڵام نازانن هەرچەندی کۆبکەنەوە قەت ناگەنە ئەو دەوڵەمەندیەی عودەی سەدام، کەبەو هەموو سەروەتەی هەیبوو لە چنگ دەستی گەڵ رزگاری نەبوو.

وەك لە کتێبی واعیزەکانی سوڵتاندا هاتووە: ئیمامی عوسمان شەهیدکراو سەریان بڕی چونکە بە دادپەروەرانە سەرپەرشتی  دارایی بەیتول مالی نەکردبوو. ئەو شۆڕشگێرانەی دوای حەزرەتی عوسمان هاتن داوایان کرد ئەو (١٢) ساڵەی حەزرەتی عوسمان کار بەدەست بووە، هەموو فەرمانبەرەکانییان لەسەر کارەکانییان لابردن پارەی ئەو (١٢) ساڵەیان لێستاندنەوە،

بۆیە ئێوەش بزانن ئەو پارە لە نەوەکانتان وەرئەگیرێتەوە، بۆیە لە جیاتی ئەوەی نەوەکانتان شانازیتان پێوە بکەن، نەفرەتتان لێئەکەن.

ئنجا ئێوەش چاك بزانن هەر کردوەیەك لە رێی شەرعی و راستی نەبێت قەت ویژدان بەرقەرار نابێت، بەڵام بە لای من باشترین سەروەت ئەو سامانەیە کەوا مرۆڤ ویژدانی  ئاسودە بێت لە دوارۆژدا  لە پاش  خۆی پێ بحەسێتەوە و کەس نەفرەتی لێناکات.

هەروەها کاتێ (عەقل)ی برای ئیمامی عەلی چووە لای ئیمام عەلی و پێی گووت هاتومە هەندێك یارمەتیم بدەی لە پارەی بەیتول مال، ئیمامی بەرێز فەرمووی ئەو ئەسحابەی لەگەڵ خۆت ببە بۆ حانوتەکان و قوفلەکان بشکێنە، هەرچیت پێویستە بۆ خۆت بیبە، ئەوجا (عەقل) بە ئیمامی گووت، بۆچ بە دزمان دانانێی؟! ئیمامیش لە وەڵامدا وتی: تۆ ئەتهەوێت من بکەی بەدزا! بەیتول مال ماڵی باوکم نیە، تا من بتوانم سەربەخۆ بە هیچ کەس یەك پول ببەخشم. ئنجا عەقل گەڕاوە لای معاویە لە شام، بە معاوییەی گووت : بۆ دنیا تۆ باشتری لە براکەم، بەڵام بۆ دوارۆژ براکەم باشترە لە تۆ.

ئنجا ئەوەی راستی بێت هەر مرۆڤێك دوارۆژەکەی بە باش باس بکرێت بۆ خۆی و نەتەوەکەی جێگای سەربەرزی و شانازی یە، هەر ئەو مرۆڤەش گرەوی دوارۆژ ئەباتەوە و بە هیچ هێز و توانایەکیش تاجی شەرەفی لێ وەرناگیرێتەوە.